کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-12-2006 9:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مەترسی تیرۆری ئەلیکترۆنی ... مهدی هادی

بەڕێوەبەری ماڵپەری ڕۆژەڤ
www. mahdawy. rojev. org



مەترسی تیرۆری ئەلیکترۆنی لە نیسانی ڕایردوودا کتێبێکی نوێ لە پەیمانگای ئاشتی ئەمریکی لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا دەرچوو، بەناونیشانی تیرۆر لەسەر تۆری ئینتەرنێت (Terror on the Internet)، ی توێژەری بە ناوبانگ و شارەزا لە تیرۆری نێودەوڵەتی لە نوسینی ( Gabriel Weinmann)

تیایدا باس لەو زیادبوونە ترسناکە دەکات کەبەسەر ژمارەی ئەو سایت و ماڵپەڕانەی ئینتەرنێتدا هاتووە کە لە لایەن ڕێکخراوو کۆمەڵە تیرۆریستیەکانەوە بەکاردەهێندرێن، کە لە ساڵی 1998 دا تەنها 12 ماڵپەریان بەدەستەوە بوو بۆ دەستڕۆیشتنی تیرۆریستان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانی. ویمان لەم کتێبەیدا ئاماژە بەبوونی جەنگێکی گەورە و ترسناك دەکات کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا لە ئارادایەو ئێمە هەستی پێناکەین، و بەقسەی نووسەر دوای دەرکەوتنی ئینتەرنێت مەترسیی تیرۆریستان زیادبووە و باس لەوە دەکات کە چۆن ڕۆژانە تیرۆریستان تۆڕی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن بۆ جێبەجێکردنی پیلان و نەخشەکانیان و چۆن ئەو هەوڵانەی کە ئەمەریکا دەدات بۆ کەمکردنەوەی تیرۆری ئەلیکترۆنی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئازادیی تاکە کەسی دەکات سەبارەت بەو خەڵکانەی کە تۆڕی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن و هیچ گوناهێکیان لەو بارەیەوە نییە. ویمان لەم کتێبەیدا کە دەرئەنجامی 8ساڵ لێکۆڵینەوەیە، باس لەوەش دەکات کە پێشتر مەترسیی تیرۆری ئەلیکترۆنی تەنها لەوەدابوو کە کاری تێکدەرانەیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئەنجام دەدا وەك چوونە ناو سایتە ئەلیکترۆنییە سەربازی و مەدەنییەکان، بەڵام ئێستا بەکاردەهێنرێت لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی کردەوە تیرۆریستییەکانیان لەسەرانسەری جیهاندا. لە هەمووش مەترسیدارتر ئەوەیە کە ناکرێت ئەم ماڵپەڕانە قەدەغەو بنەبڕ بکرێن هەروەك خۆی ئاماژەی پێدەدات کاتێك ماڵپەڕێك دەدۆزرێتەوە لە ڕیشە دەردەهێنرێت ئەوەندی پێناچێت بەشێوەیەکی نوێ و ناونیشانێکی ئەلیکترۆنی نوێ و چەواشەکارانەتر سەرهەڵدەداتەوە.

info@rojev. org